خوێندنەوەیەکی فرە لایەن

دەق: سالّح سووزەنی
خوێندنەوەی: عەزیز نیعمەتی
(وەرگێ)

ڕۆژێ نا ڕۆژێ تر هەمووی تۆ

هەتا کەنگێ لەمنەوە قوڕ تا HB چاپگەرەکەم
سەما تا قوڕی من کە مێشتا گڵ بووم و
تۆ گوایە لە من ساز بووی تا کەی موریدی
خۆم بم کە تۆی؟
کەگوایە ئەرێ ڕەنگە شایەد تۆ
بەڵام دڵنیایی لە من کە ئەحمەقم و
تۆهەرگیز نامێڵوی و
ئەکەنی کە چ فەلسەفە گەوجە و
زانست و چ پیاوانە وازانێ ئازایە و تۆ
چ ژنانە ئەکەنی کە شیرینی!!
چ پیاوانە جەرگ ئەدڕێ کە ژنە و
گوایە لە مەزڵوومستانی مێژووی حەقیقەت!!!ئیەوە
هاتۆتە چڕین ن ن..
ئەحمەقستانە شیعر و مێژوو
کەرینە مەزڵوومین و وازانین... ڕۆستەم
چ گەوج وایزانی ئازایە و
چ پیاوانە سۆرابی کوشت
و چ ژنانە هاتە شەڕی ئەسفەندیار !!

سیاسەت تیشکێکە لە هەتاوی ژن و
مێژوو هەمووی حەماقەتی پیاوە
(جگە نیتشە)
شێتی ئەگەر بزانی حەقیقەت حەقایەتە و
سیاسەت ژن!
کەچاوتە ئەڕەنگێ و ئەقرتێ و ئەخومارێ و
ئەبڕێ و ئەپێکێ و ئەتیشکێ و..
هەموو ئە..کان..م لەبیر نییە.. گوڵێ!
پیاوم (واتە گەوج) و شیرینی واتە ژن!
هەتا کەنگێ لە HB چاپگەرەکەمەوە تا من؟

بێ پێشەکی، دەکرێ هەر لە سەردێڕ و دەستپێکی دەقەکەدا کۆمەڵێ تەکنیک و چەمکی تایبەت دیاری بکەین لە پانتایی دال تەوەرەوە بەرەو قوواڵایی مەدلوول – مانا بیچم وەردەگرن؛ شیعر بەردەنگێکی هەیە کە خۆی لە دێڕێکی وێنەیی درێژ دا شاردووەتەوە، سەردێڕێک کە لە لایەکەوە دەکرێ وەک دێڕێکی تەواو بخوێنرێتەوە» ڕۆژێ نا ڕۆژێ تر هەمووی تۆ»، واتە ڕۆژێ تۆ نادرەوشێنێتەوە

ئـەم چەشـنە خوێندنەوەیـە، بەردەنگـی بەرچـاوی نووسـەر بـە چەشـنێکی کـەم تـا کـورت بـە خوێنـەر دەناسـێنێ، تەکنیکی جێی سـەرنج لەم خوێندنەوەیەدا بـەکار هێنـان و کارکـردی نـاوە لـە دووپاتکردنـەوە و جەخـت کردنەسـەری وەک کار/ فعـل/

«نا ڕۆژێ» واتە نادرەوشـێتەوە، یان نادرەوشێنێتەوە.. سـەرنجڕاکێش ئەوەیـە ئـەم نـاوە «ڕۆژێ» ڕووبـەڕووی بیچمـی کاریـی، یـان کارکـردی خـۆی دەبێتـەوە/ نـاڕۆژێ/ ئـەم چەشـنە دووانەسـازکردنە کـەم وێنەیـە بـە شـێوەی پێکهاتەهەڵوەشـێنانە، تەنانـەت لـە یاسـای بـاوی دووانـە لێکدژەکانـی شـیعری سـەردەم تێدەپـەڕێ و لەونێکـی دی لـە دووانەسـازیی بۆخوێنەرانـی خـۆی لـە شـیعردا دێنێتـە ئـارا، وەک ئـەوەی سـەر لـە نـوێ «سـاڵح سـووزەنی» بەرەنـگاری ئـەو دیکتاتۆرییەتـە زمانییـە ببێتـەوە کـە بـەردەوام باسـی کـردووە و پێکهاتـەی «هەمـووی تـۆ» مانایەکـی جیـاواز دەداتـە دێـڕی پێشـوو.. بـەڵا بـا سـەردێڕی دەقەکـە ئاوەهـا بخوێنینـەوە؛

«ڕۆژێ نـا/ ڕۆژێ.. هەمـووی تـۆ» دیسـان دەگەیـن بـە دوو مانـای جیـاواز؛

١- ڕۆژێـک بوونـی نییـە کـە هەمـوو بوونـی تـۆ بدرەوشـێنێتەوە.

٢- ڕۆژێ ئەوەنـد درەوشـانەوەی نییـە کـە هەمـووی تـۆ /کـە وەک خـۆر وایـت/ نیشـان بـدا.

جگـە لـەو دوو بۆچوونـە واتـا دوو مانـای جیـاواز، دەگەینـە مانایەکـی بـە گشـتی جیـاوازی دیکـەش « ڕۆژێ نـا ڕۆژێ هەمـووی تـۆ» کـە بڵێـی بکـرێ ئاوەهـا بیخوێنینـەوە؛

ڕۆژ نـا ڕۆژێ هەمـوو بوونـی تـۆ.. ئەگـەر وا بـێ، دەکـرێ ئـەو پێکهاتـە وێنەییـە وەک بـاری ڕامیاریـش ڕاڤـە بکەیـن، وەک ئـەوەی شـاعیر بیـەوێ بـە بەردەنگی خـۆی بڵـێ جـار نـا جـار هەمـوو تـۆ بوونـی هەیـە و جارجاریـش نا/بوونـت نییـە/

ئەگـەر هـەر ئـەو سـەردێڕە ئاوەهـا بخوێنینـەوە «ڕۆژێ نـا ڕۆژێ تـر.. هەمـووی تـۆ» دیسـان دەگەینە مانایەکـی جیـاواز.. وەک ئـەوەی شـاعیر نـاو لـە دووپـات کردنـەوەی وێنەییـدا وەک سـیفەتی لێهاتووتـر بـە کاربێنـێ، واتـە ڕۆژێ سـەرتر لـە ڕۆژەکانـی دی هەمـوو تـۆ کـە پێشـەکییەکە بۆسـەرتر نیشـاندانی



ساڵح سووزەنی

بەردەنگ/کـە بـە ڕۆژ، یـان خـۆری شـوبهاندووە و لـە دێـڕەی دەقەکـەدا ئـەوە دەنوێنێتـەوە..

ئـەم دوا کەوتنـە مانایـە لـە سـەردێڕی دەقەکـەدا بـە پێـی تەکنیکگـەل شـیعری بەردەوامـە...

ئـەوەی خوێندتانـەوە بـەس سـەبارەت بە سـەردێڕی شـیعرێکی زۆر جوانـی (سـاڵح سـووزەنی)یە و هـەوڵ دەدەم لـە دێـڕەی خوێندنەوەکانمـدا لـە بارسـتایی وتارێکدا ئاراسـتەی بکـەم.

دێڕی یەکەم ئاوەها دەست پێدەکا؛

«هەتا کەنگێ لە منەوە قوڕ تا.. HB چاپگەرەکەم»

دێـڕی یەکـەم بـە پێکهاتەیەکـی پرسـیارانەوە دەسـت پـێ دەکا.. لـەم دێـڕە دا دەردەکـەوێ کـە شـاعیر لـە سـەر بابەتێـک شـەکەتە و بێزاریـی خـۆی لـە دۆخێکـی تایبـەت دەردەبـڕێ بـۆ ئـەوەی چۆنیەتـی چنینـی وشـەکان ئـەو ڕق و بێزارییـە بـە جوانـی دەنوێنـن؛ « هەتـا کەنگـێ لـە منـەوە قـوڕ.. شـاعیر بـە هێنانـەوەی وشـەی «قـوڕ» کـە وشـەیەکی قێزەونـە، دژایەتـی خـۆی دەرحـەق ئـەوەی کـە خـۆی دەیڵـێ، یـان ئـەوەی کـە هەیـە دەردەبـڕێ. دژایەتـی لـە گـەڵ خـۆی، یـان ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ خـۆ — یـان ڕەفزکردنـەوەی خـۆ

هێنانەوەی پێکهاتەی «هەتا کەنگێ» و وشەی «قوڕ» ئامادە نەبوونی ئەو چەمکانەی کە بەرەنگاری یەکدی دەبنەوە، وەبیر خوێنەر دێنێتەوە، ڕاستییەکەی ئامادە بوونی جەمسەرێکی هاوتەریب بە شێوەی ئوتومات. بانگهێشتی ئامادە بوونی جەمسەرەکەی دیکەیش دەکا و هەتا کەنگێ تامەزرۆیی شاعیر بۆ تێکەڵ بوون لەگەڵ بەردەنگ وە بیر دەخاتەوە؛ «لە منەوە قوڕ» بێزاریی لەم مەودایە، دیسان خواستی شاعیر بۆ ددان پێدانانی مانایی هەر ئەو خواستە دەنوێنێتەوە.

ئەم دێڕە بە پێکهاتەی « تا.. HB چاپگەرەکەم درێژەی هەیە بۆ وەی» چەمکی «هەتا کەنگێ» تەکمیل/ کامل/ بکا، واتە نواندنی بێزاری و شەکەتی شاعیر لە مەودایەکدا کە لە بەردەنگ دوور کەوتووەتەوە، خاڵێکی گرینگ کە سەبارەت بەدێڕی یەکەمی ئەم دەقە، شایانی گوتنە ئەوەیە کە شاعیر Hp بە HB نووسیوە.. هەرچەند من نازانم بۆ وای لێ کردووە، بەڵام دەزانم کە ئەم دوو نیشانەیە کورت کراوەی دوو شتی جیاوازن. (HP) چاپگەر و (HB) کورتەی نەخۆشینی هەمۆگلۆبینە/ خوێنی/ کە نیشاندانی شەکەتی و بێزاریە.. ئێستا ئەو نیشانە کورتانە چ بە هەڵە و چ بێ هەڵە لەبەر چاو بگرین، ماناکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەمان بابەت کە پێشتر سەبارەت بە دۆخی شاعیر لە دێڕی یەکەمدا باسمان کرد، ڕوونکردنەوەیەک پێویستە.

بە پای فرۆید لە دەقێکی ئەدەبیدا بە هەڵە نووسین، تەنانەت خەت کێشانەکانیش بۆ خوێندنەوە و ڕەخنە شیاوی باس کردنن..

ڕەنگە بتوانین لە خوێندنەوەیەکی جیاوازدا ئێچ بی، لە زمانی کوردیدا بە «هیچ بی» بخوێنینەوە و لەپاڵ وشەی قوڕدا ئامازە بێ بە هیچ بوونی ژیان، یان بوونی خەیاڵینە/ فانتازیایی/ کە نەبوونی لە هەمان ئەزەلییەکەیدا حەشار دراوە، ئەم بابەتە لە خوێندنەوەی درێژەی دەقەکەدا زێدەتر مانای خۆی وەردەگرێ.

بە هێنانەوەی ئەم دێڕە «هەتا کەنگێ لە منەوە قوڕ تا ئێچ بی چاپگەرەکەم» بۆچوونی خۆم بەم شێوە کۆتایی پێ دێنم؛ کە شاعیر دەربڕینی خۆی بە شێوەیەکی دژبەرانە لە خواردەمەنی چاپگەرەکەی لە ڕێگەی جەوهەرەکەیەوە /کە بە قوڕ شوبهێنراوە/ نیشان داوە.

لە دێڕی دووەم، بەشی یەکەمدا دەق بەرە بەرە بەردەنگی خۆی دەناسێنێ. ئەم ناساندنە بە لەونێ بۆ گۆڕانی دێڕی یەکەم، دەبێتە تەنز و پارۆدییەکی تاڵ و زۆر جێی باسە/خوێندنەوەی زۆرتر هەڵدەگرێ/ ئەو دژایەتی کردنە ئێستا بیچمێ نوێ وەردەگرێ؛

«سەما تا قوڕی من کە هێشتا گڵ بووم»

شاعیر بە هێنانەوەی وشەی «سەما» گۆڕانێکی نوێ دەست پێ دەکا وەک ئەوەی کات- شوێن سەرەتای بوون و «خلقت»ی خۆی و بەردەنگەکەی بێ. سەما، یان سەماعی فارسی، واتە جۆرە ڕەقس/هەڵپەڕکێ/یەکی سۆفییانەیە کە سووڕانەوە و حاڵەتی تاساو/خەلسە/ی لەگەڵە و بە مەبەستی دەربڕینی دەروونی – ئایینی دێتە ئارا، دەق بەم وشەیە بە هێوری شان و شکۆی بەردەنگ دەنوێنێ.. ئەو بەردەنگەی کە دواتر دەردەکەوێ کە لە خۆیەتی، یان بەشێک بووە لە خۆی؛

«سەما تا قوڕی من کە هێشتا گڵ بووم و
تۆ گوایە لە من ساز بوویت..
تا کەی موریدی خۆم بم؟»

ئەم بەشە لە چەند لایەنەوە جێی سەرنجە؛ وشەی سەما کە ڕەهەندێکی ئوستووڕە – عیرفانی هەیە و گوایە شاعیر هەر لەسەرەتاوە بە حاڵەتی تاساو و لە قووڵایی دەروونەوە بە ڕەو بەردەنگ دەڕوا.. بەم کارە لە گەڕانەوەیەکی ناو کاتیدا بە پێچەوانە، لە کۆتاییەوە بەرەو دەستپێک و ڕۆژی ئەزەل دەگەڕێتەوە.

۱- واتە لە ڕێگەی ئوستووڕەوە ئامازە بە خلقەتی ئادەم و حەوا دەکا و لە هەمان حاڵدا ئامازەش بە ساز بوونی حەوا لە پێشەی خۆی دەکا و بە هێنانەوەی پێکهاتەی «کە گوایە» ئەو بۆچوونە دەخاتە ژێر پرسیارەوە «کە گوایە لەمن ساز بوویت»

۲- ئەو چەمکە عیرفانی و ئوستووڕەییەی «سەما» کە پێشتر ئامازەی پێ کردووە، لێرەدا زێدەتر ڕوون دەبێتەوە «تا کەی موریدی خۆم

بم کە تۆی»، واتە بەردەنگی شاعیر دێتە پلەی پیر و مورید و شاعیر وەک مورید دەنوێنرێ و ئەمە بابەتێ بوو کە هەر لەدەسپێکی ئەم نووسینەدا ئاماژەم پێ کرد (واتە تێکەڵبوونی شاعیر لە مەزنایەتی و شکۆی بەردەنگ)دا، بەڵام سەیر ئەوەیە کە شاعیر بە شێوەیەکی دژبەرانە ئاماژە بە پێوەندی نێوان خۆی و موریدە، یان پیرەکەی دەکا، دیارە ئەو هەست بە شەکەت بوونە هێشتا لە دەقدا پارێزراوە.. سەرنج بدەنە پێکهاتەی « تاکەی» لەم ڕێگەوە دەق دەیەوێ شوێنی ئوستووڕەیی شەیتان بداتە پیاو و پلە مەزنایەتی و شکۆی مرۆڤایەتی بداتە بەردەنگ.. بەو جۆرەی کە شەیتان دژایەتی کرنۆش بردنەکەی دەکا بۆ ئادەم، ئەمیش دژی ئەو کرنۆش بردنەیە.. و ئاماژەیەکی پارۆدیکی جوانە بە کولتووری پیاو سالارانە لە کۆمەڵگای کوردیدا.. ئەم باسە لێرەدا کۆتایی نایێ و دێینەوە سەری...

«تۆ گوایە لەمن ساز بووی تاکەی موریدی خۆم بم کە تۆی؟»

ئەم بەشە بە هێنانەوەی چەند تەکنیکی ئەدەبی کۆتایی پێ دێنم کە لەو دەقەدا دەوریان گێڕاوە؛

١- شاعیر بە کەڵک وەرگرتن لە «جکستاپوزیشن» (هاوسێیەتی وێکچوویی و جیاوازیی) وێکچوویی و جیاوازییەکانی خۆی و بەردەنگ لەگەڵ ئادەم و حەوا شیکاریی دەکا.

٢- کەڵک وەرگرتن لە تەکنیکی «پارۆدی» بە دوو شێوازیی:

ئەلف؛ ئەم دێڕە بەرانبەر بە هەموو شیعرەکە.

بێ: هێنانەوەی پارۆدی بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ بەردەنگێ کە خۆیەتی، واتە خود و منی شاعیر بەرەو ڕووی یەکدی بوونەتەوە.

٣ - ئایرۆنی وەک بەکار هێنانی تەشەر و تامەزرۆیی خۆی بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ بەردەنگ بەکار هاتووە، وەک لە چەشنی دەربڕینی دەقەکەدا دەردەکەوێ کە نەست بەو کارە ڕازی نییە و لێرەدا پێویستە ئاماژە بکەمەوە بەو حاڵ لێهاتنەی کە لە دێڕی دووەمی دەقەکەدا بە وشەی سەما ددانی پێدا ناوە، هەر وەها ئاماژەیەک بکەین بەو حاڵ لێهاتنە/خەلسە/ کە لە دوو پۆلێندا باسی لێکراوە؛ ئەرێنی و نەرێنی..

لە حاڵ لێهاتنی ئەرێنیدا، مرۆڤ لە حاڵی هێوری زیهن و هێمنایەتی و هەست بە ئازادی کردندایە و بزاڤ و جووڵەی سەما بە گشتی ئازاد بوونی جەستە دەنوێنن، بەڵام لە جۆری دووەم، واتە نەرێنیدا لەگەڵ جووڵە و بزاڤی خێرا و چەند پاتە و گوشاری ماسوولکە بەرەو ڕوویەن بەو جۆرەی لە پێکهاتەی «سەما تا قوڕی من.. موریدی خۆم بم کە تۆی» و بازنەی وشەکانی دی و لەونی بە نهێنی گوتنەکەدا دەردەکەوێ، شاعیر لە حاڵەتی دووەمی حاڵ لێهاتندایە؛ «کە گوایە لەمن سازبووی» لێرەدا ئایرۆنی تێکەڵ بە گومان و دوو دڵیشە و لە درێژەی دەقەکەدا ئەو گومانە زێدەتر ئاشکرا دەبێ؛ «کە گوایە ئەرێ ڕەنگە شایەد تۆ» کە ئەگەر لەم دێڕەدا، شک و گومان و زەمانەتی ئەو گومان کردنانە شاعیرانەیە بە بەکارهێنانی سێ وشەی سەر بە گومان/ گوایە. ڕەنگە، شایەد/ و وشەی «ئەرێ» بۆ ددان پێدانان بە جوانی هاتوونەتە نێو دەق..

بەڵام لە دێڕی سێیەمدا وەک ئەوەی شاعیر لەو شک و گومانە دێتەدەر و دەگاتە ڕاستییەکی تاڵ و ددان بەو ڕاستییەدا دەنێ؛

«بەڵام دڵنیایی لە من کە ئەحمەقم و تۆ هەرگیز نامێنیوی»

دیسان شاعیر لە ڕێگەی پارۆدییەوە دەگاتە ڕەفز کردنی خۆی و باوەڕەکانی لە بەرانبەر بەردەنگدا و دیسان ددان بەوەدا دەنێ کە لە بەرانبەر بەردەنگدا لاواز و بچووکە، ئەوەندە کە بەردەنگ بە هیچی دانانێ! بەکار هێنانی لەونێ گاڵتەجاڕانەی دێڕەکان، ڕەنگە باشترین شێوەی دەربڕینی خۆ بە سووک زانینی شاعیر بێ لە ئاستی بەردەنگدا و دەق لەبەکار هێنانی پارۆدیدا زۆر سەر کەوتووە؛

«ئەکەنێ کە چ فەلسەفە گەوجە و زانست و چ پیاوانە وا زانێ ئازایە و..»

دیارە شاعیر ئەم دێڕەی لە زمانی بەردەنگەوە هێناوە. ئەو خۆی هێناوەتە پێگەی بەردەنگ و باوەڕەکانی بە سوخرە دەگرێ، بەردەنگێ کە بە

شاعیری پیاو پێ دەکەنێ و سیاسەت و فەلسەفە و زانستی ئەو بە گاڵتە دەپێوێ، جیا لە چەند دەنگی بوونی دەقەکە لێرەدا پێویستە کورتە ئاماژەیەک بەوە بکرێ کە لەم بەشەدا دەقەکە ڕەنگ و بۆنی ڕامیاری وەردەگرێ، سیاسەتێک کە دوای دەورەی چاخی دووەمی/ چاخی کشتوکاڵ و ژن سالاری/ و سەر هەڵدانی بیر و بڕوای ئانیمیزم و فەلسەفەی ژیانی دوو ڕەهەندی ئەم و ئەو دنیایی بەردەوام هەوڵی داوە لە خزمەت بیر و ڕای پیاوتەوەردا بێ؛

وە تۆ «چ ژنانە ئەکەنی کە شیرینی!!»

بەڵام ئەو سیاسەتە لە ڕوانگەی شاعیرەوە بە پێی ئەو ڕاستییەی کە خۆی پێی گەیشتووە، سەرکەوتوو نەبووە و بە ئاماژەیەکی جوان شکۆ و مەزنایەتی بەردەنگەکەی بەڕووی خۆی و هەموو پیاواندا دەکێشێ؛

«چ ژنانە ئەکەنی کە شیرینی!!
چ پیاوانە جەرگ ئەدڕێ کە ژنە و
گوایە لە مەزڵوومستانی مێژووی
حەقیقەتەوە هاتۆتە چڕین
ئەحمەقستانە شیعر و مێژوو..»

لەم بەشەدا دەق لە ڕێگەی نێواندەقێتی و «تەلمیح»ـەوە بە ناوی (شیرین)ـەوە دەست پێ دەکا و ئەو ناوە خوێنەر بەرەو قوواڵایی ڕووداوەکانی چیرۆکی شیرین و فەرهاد ڕادەکێشێ.. ئەم شێوە گێڕانەوەیە دەکرێ لە ڕێگەی ڕەخنەی چوارچێوەی کۆن/کهن الگو/ لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێ و بۆ ئەوە سەرنجڕاکێشە کە لە درێژەی دەقدا دیسان بەرەوڕووی لەونێ هەڵگەڕانەوە، یان وێکچوویی پێچەوانە دەبینەوە، بەکارهێنانی دوو نیشانەی سەرسوورمان(!!) لە دوای «چ ژنانە ئەکەنی کە شیرینی!!» لە بواری گراماتۆلۆژییەوە/ دەتوانێ پشتیوانی نیشانەیی ئەو هەڵگەڕانەوانە بێ بۆ ئەوەی هەر دوای ئەوە دێڕی « چ پیاوانە جەرگ ئەدڕێ کە ژنە» هاتووە، دەبینین کە ئەو چەشنە شیرینی پێکەنینە ژنانەیە چ جەرگ بڕینێکی پیاوانەی بە دوادا دێ و سەر لە نوێ پارۆدی و بەرانبەرکێیەکان، خوێنەر هان دەدا بۆ بیر لێ کردنەوە لەوەی کە / فەرهاد بەرد ئەبڕێ و شیرین جەرگی فەرهاد/

لە درێژەی ئەم تەشەر و تێکەڵکردنە نێواندەقێتیانەدا، پێکهاتەیەک لە جەفەنگ/ تەنز/ کە چۆنیەتی دەربڕینی زاڵی دەقەکەیە. شاعیر ئاماژە بە سەرەکی بوونی بەردەنگ دەکا؛

کە «گوایە لە مەزڵوومستانی مێژووی حەقیقەت!! ـەوە هاتۆتە چڕین»

بڕواننە دەق کە چۆن حەقیقەتی مێژوویی — فەلسەفی لە بواری پیاوسالاریدا بە سوخرە گرتووە

– شاعیر مێژووی وەک ڕاستییەکی زاڵمانە کێشاوەتەوە و بە مەزڵوومستانی کەسگەلێکی وەک بەردەنگی زانیوە.

– ئەو ڕاستییە بە کارکردی دوو نیشانی سەرسوورمان/!!/ و « گوایە» بە سوخرەی گرتووە و ڕەفزی دەکاتەوە/ زمانی جەفەنگ و پارۆدی/.

– وشەی «چڕین ن ن» جەخت کردنە لە سەر هەڵسوکەوتی بە تانە و تەشەر لەو دەقەدا و وەک دالێکی چەند مەدلوولە و دوو ڕەهەند جێی سەرنجە.. دوو مانا کە هەر کامیان بە پێی ئایرۆنی مەبەستی شاعیر باشتر دەپێکێ؛

ئەلف: چڕین ؛ واتە بانگ کردنی کەسێک بە دەنگی بەرز، یان خوێندنی گۆرانی بە دەنگی بەرز و هاوار کردن..

وەک ئەوەی شاعیر بیەوێ بڵێ ئەم مێژووە نەگبەتە هەزاران ساڵە گوێی زەوی و خەڵکی کەڕ کردووە و بە دەنگی بەرز هاوار دەکا بۆ وەی باوەڕی پێ بکەن، هەرچەند شاعیر بە سوخرەی گرتووە

بێ: چڕین؛ بە مانای دڕاندن و پارچەپارچەکردن،

واتە بە ڕای ئەو، ئەم مێژوو و حەقیقەتە ساختەچییانە، یان ڕاستییە پێچەوانە و وانوێنراوەکانی دەسەڵاتی پیاوانە، بچڕ بچڕ کردنی بوونی ڕاستەقینەیە کە پارچە پارچە سەر لەنوێ پێکەوە چنراون، بۆ وەی ببنە پاساوێک بۆ دەسەڵاتداریتی پیاوان.. بچڕ بچڕ کردنی وشەی «چڕین ن ن»و چەن پاتە بوونەوەی پیتی «ن»؛ جنینی/ ئەنجن ئەنجن کردن/ ئەو پارچە پارچە

کردن و بە دڵخواز پێکەوە لکاندنەوانە دەنوێنێ.

لەم بەشەدا شاعیر شیعر و مێژووی ناوەتە پاڵ یەکدی و دەمەوێ هەندێ ڕوونتر باسی بکەم؛

یەک لە تەکنیکەکانی شاعیرانی سەرکەوتوو لە دەقدا هاونشین و جێنشین کردنی وشەگەلێکە کە ڕەنگە بە ڕواڵەت لەگەڵ یەکدی تەبا نەبن، بەڵام لە ورد خوێندنەوەی دەقەکەدا تێ دەگەین کە شاعیر وەستایانە بەکاری هێناون، پانتایی بەرینی مانایی دەقەکە زێدەتر سەرنجمان ڕادەکێشێ و چێژی خوێندنەوەی شیعرەکەمان لا شیرینتر دەکا.. سووزەنی، شیعر (کە لە بنەڕەتدا دەگاتەوە بە خەیاڵ..) لە مێژوو نیزیک دەکاتەوە (کە بڕیارە بەسەر واقیع و ڕاستییەکانەوە وەستابێ) و جێ گۆڕکێیان پێ دەکا و چ وەستایانە لە ڕێگەی ئەو تەکنیکەوە بە زمانێکی ئایرۆنی دەدوێ؛

شاعیر هەر دوو لا، واتە/ شیعر و مێژوو/ لەم دێڕەدا بە سوخرە دەگرێ/

«ئەحمەقستانە شیعر و مێژوو»

لە دڕێژەی خوێندنەوەکەمدا زێدەتر دەپرژێمە سەر ئەم بابەتە، جارێ پێویستە گرینگایەتی پێوەندی نێوان ئەدەب و مێژوو ڕوون بکرێتەوە و سووزەنی بۆ ئەوەندە لەو دوو چەمکە دڵ پڕە؛

ئەزرا پاوند شاعیر و وەرگێڕی ئەمەریکی دەڵێ: «ئەدەب هەواڵێکە کە کۆن نابێ»

شیعر، یان چیرۆک و شانۆنامە لەگەڵ ئەوەیدا کە دەربڕی دەروونی خاوەن دەقە لە زۆر بواردا گێڕانەوەی دۆخی کولتووریی ئەو کۆمەڵگایەیە کە شاعیر و نووسەری تێدا پەروەردە کراوە و قەڵەم و نووسینی هەڵبژاردووە، ئەدیبان ئەوەی دەینووسن، تێکەڵ بەو دیاردانە دەکەن کە کۆن بوونیان بۆ نییە و دوای چەندان سەدەش شیاوی خوێندنەوەن، ئەم گوتەیە بۆ هونەرەکانی دیکەش دروستە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەدەب هەر لە سەردەمانی کۆنەوە سەرنجی توێژگەلێ زۆری لە خەڵک ڕاکێشاوە و بە شێوەی نووسراو ماونەتەوە، ڕەنگە بکرێ بڵێین دوای کتێبە مێژووییەکان، هیچ بەرهەمێ ئەوەندەی ئەدەبیات ناتوانێ ئێمە بە مێژوو و چارەنووسی گەلان ئاشنا بکا، هەر بۆیە لەم دەقەدا تێ دەگەین سووزەنی بە لێک نیزیک کردنەوەی شیعر و مێژوو، چ ئامانجێ دەپێوێ.. ڕاستییەکەی ئەو بە گەڕانەوە بۆ سەر ئەو دوو چەمکە، خەریکی پێناسەکردن و ناساندن و ڕەخنەکاریی دەسەڵاتی زمانیی کولتوور و سیاسەتی گەلەکەی خۆیەتی و لە ڕێگەی زمانی شیعریی تایبەت بە خۆیەوە، ڕاستییەکانی ئەو دوو چەمکە هەڵدەوەشێنێتەوە و سەرئاوەژوو دەیبێنێ و ئەوان وەک کەرستەی گەوجاندن/ ئەحمەقستان و فێڵبازستان/ ناودێر دەکا..

با وردتر سەرنج بدەینە درێژەی دەقەکە کە زۆرینەی خەڵکی کردووەتە بەردەنگ؛ ئەو زمانی ئایرۆنی و تەنز بۆ گاڵتەپێکردنی خەڵک بەکار ناهێنێ، بەڵکو گەوجێتی، یان بۆ ڕوومەاڵ و ئاشکرا دەکا؛

«کەرینە مەزڵوومین و وازانین.. ڕۆستەم» گەمەی زمانی لەم دەقەدا ئەوەند لێهاتووانە هاتووەتە شیعراندن، کە بەردەنگی پیاو ڕێگەی دەربازبوونی نامێنێ و ناچارە ددان بە گەوجێتی خۆیدا بنێ.. شاعیر بە بەکار هێنانی «وازانین» خۆیشی کردووەتە بگێڕەوەی ئامادە لە دەقدا، هەروەها کەسێکە لە بەردەنگە پیاوەکان، کار کردی خاڵەکان (...) دوای «وازانین» وەک ئەوەی ڕاوەستانێک ساز بێ بۆ ئەوەی خوێنەر بخاتە ڕاهێڵان/ تعلیق/ەوە و لە ناکاو ڕووبەڕووی بەهێزترین و پاڵەوانترین کەسایەتی، واتە «ڕۆستەم» بکاتەوە کە ناو و ناوبانگی بە هۆی باسکی بەهێز و ئازایەتیی بێ وێنەیە.

ئەم کەسایەتییە ئوستووورەییە، پێویستی بە ناساندن نییە، بۆ وەی نەک هەر پانتاییەکی بەرینی ئەدەبی ئێران، بەڵکوو ئەدەبی جیهانیشی داگیر کردووە، بەڵام ئەوەی کە دەق دەیەوێ ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێ بکا ئەمەیە کە هەر ئەم کەسایەتییە زل و بە هێزە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی لە لایەکەوە فێڵ دەکا و لەلایەکەوە بووەتە کەرستەی بەردەوامبوونی دەسەڵاتی زلهێزانێک کە بەردەوام لە مێژوودا پیاو بوونە..

«کەرینە مەزڵوومین و وازانین... ڕۆستەم
چە گەوج وایزانی ئازایە و

چە پیاوانە سۆرابی کوشت!!
و چە ژنانە هاتە شەپی ئەسفەندیار
سیاسەت تیشکێکە لە هەتاوی ژن و
مێژوو هەمووی حەماقەتی پیاوە
«جگە نیتشە»

پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد کە پۆستەم کێ بوو و چۆن باوەکوو زۆر و توانایی فیزیکی هەبوو پەنای بردە بەر مەکر و فریو. سووزەنی لە دێڕی دووەمی ئەم بەشەدا بە هەمان زمانی جەفەنگ/ تەنز/ و تانە و تەشەر ڕووبەرووی دەبێتەوە «چ گەوج وایزانی ئازایە و چ پیاوانە سۆرابی کوشت»، ڕاستییەکەی سەرە ڕەمی هێرشی سووزەنی لەم دەقەدا هەر ئەم دێڕەیە، پیشتر ئاماژەم کرد بە دەسەلاتی زۆر، یان هێزتەوەری پیاوان لە ڕۆگە و پانتایی درێژخایەنی مێژوو و سیاسەتی ئاشکرای ئەوان بۆ بەندکردنی ژنان، لێرەدا دیسان بە پێی ئایرۆنی جەختی کردووەتە سەری، واتە بە پێی دال و مەدلوولگەلێک کە بەرینتر لە پانتایی دەقەکەدا هاتوونەتە گەڕ و گەمەکەی بەرفراوانتر کردووەتەوە.

ڕۆستەم دالێکی هێمایییە کە دەتوانێ هەموو پیاوانی مێژووی وانوێنراو بگرێتەوە کە هەر کات لە هێزی باسک و تواناییدا کەمیان هێنابێ، چوونەتە پاڵ فێڵ و سیاسەت؛

«چ گەوج وایزانی ئازایە و..» چنین و پێکهاتەی وشەکان لەم دێڕەدا مانایەکی قووڵ دەگرێتەوە و دواتریش لە پارۆدییەکی دیکەدا دەبێتە ددان پێدانان بە سەرەکیتربوونی بەردەنگ/ ژن/. وشەگەلی «گەوج» و « ئازایە» بە ڕوونی نیشان دەدا کە ئەوێ کە خۆی بە بەهێز دەزانێ، چەند گێژ و گەوجە و دێڕی دواتریش ئەو بۆچوونە ڕاست دەکاتەوە؛ «چ پیاوانە سۆرابی کوشت» کەس نییە ئەوە نەزانێ کە ڕۆستەم چۆن سۆرابی کوشت، ئەم دێڕە جگە لە نیشاندانی کورپکوژیی مێژوویی، بەکار هێنانی ئوستوورەیە کە لەدەقدا ئەو دەرفەتە دەداتە خوێنەری چالاک بۆ وەی لە ڕێگەی چوارچێوە کۆنەکانەوە/کهن الگو/ زێدەتر سیاسەتی زاڵی پیاوانە و فێڵ و تەڵەکەکانی بۆ گەیشتن و پاراستنی دەسەلاتە لەرزۆکەکەی بناسێ، لێرەدا بیری بابەتێکی جۆن شتاین بەک کەوتمەوە لە ڕۆمانی (بۆڵە تووڕەکان)دا کە پیاوان بە وێرانگەر / Destructive / دەناسێنێ و ژنان بە پشتیوان (protective)..

(سووزەنی)ش لەم دەقەدا ئاماژەیەک بەو بابەتە دەکا؛ لە حاڵێکدا پیاوان وەک هێمای ڕۆستەم بە تامەزرۆی دەسەلات و هێرشبەر نیشان دەدا، بەڵام ژنان ئەگەر ڕۆژێ دەسەلاتێکیشیان هەبێ، بۆ دەستپێکی داهێنەریی و جوانکاریی بەکاری دێنن و خۆ لە هەستی شەڕانەی هێرش بردن دەپارێزن، هەر بە سەرنجدان و ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە ڕێبەرانی ژن و پیاوی جیهان ئەم ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە..

بە گوتەی شاعیر «ڕۆستەم چ پیاوانە سۆرابی کوشت»

بۆ لەوە وێرانەخواز تر بوونی هەیە کە کەسێک، تەنانەت بە فێڵ و تەڵەکە بۆ سەلماندنی سەرەکیتر بوونی خۆی و پاراستنی دەسەلاتی پشتیوان ئاوەها بە مەکر، تەنانەت کوپەکەی خۆیشی بکوژێ؟

.

«ئەحمەقستانە شیعر و مێژوو
کەرینە مەزڵوومین و وازانین... ڕۆستەم
چ گەوج وایزانی ئازایە و
چ پیاوانە سۆرابی کوشت!!
و چ ژنانە هاتە شەپی ئەسفەندیار
سیاسەت تیشکێکە لە هەتاوی ژن و
مێژوو هەمووی حەماقەتی پیاوە
(جگە نیتشە)
شێتی ئەگەر بزانی حەقیقەت حەقایەتە!
سیاسەت ژن
کە چاوتە ئەڕەنگێ و ئەقرتێ و ئەخومارێ
و ئەبڕێ و ئەپێکێ و ئەتیشکێ
هەموو ئە..کانم لە بیر نییە..گوڵی
پیاوم (واتە گەوج) و شیرینی واتە ژن!
هەتا کەنگی لە HB چاپگەرە کەمەوە تا
من؟»

لە دێڕی پێنجەمدا؛ «چ ژنانە هاتە شەپی ئەسفەندیار» شاعیر لۆمەی کارەکەی ڕۆستەم

دەکا و بە سووک لێی دەڕوانێ، ئەو بە ئانالۆگێ کە لەژنانەیی ڕۆستەم سازی دەکا.. وەک ئەوەی سەد و هەشتا پلە لە هەڵوێستی خۆی، واتە لایەنگری لە ژن دەگۆڕێ و بە گشتی پێکهاتەی خودی دەقەکە هەڵدەوەشێنێتەوە و ڕۆگەی دەقەکە بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەبا، دەکرێ ئەم دێڕە بە خاڵی وەرچەرخان و هەڵوەشانەوەی دەقەکە بزانین، بۆ وەی نەک بە شێوە گوتەی ڕووناکبیرانە، بەڵکوو بە زمانێکی ڕەشۆکیانە کارەکەی ڕۆستەم بە کارێکی ژنانە هەڵدەسەنگێنێ، لەزمانی خەڵکی عەوامدا پیاوان بۆ سووککردن، یەکدی بە ژن بانگ دەکەن و ئەم ڕاهاتنە زمانییە، هەر چی بێ، مۆرکی کولتووری لەسەرە، بەڵام تۆ بڵێی مەبەستی دەق ناساندنی ئەو کولتوورە بێ؟

لە دێڕەکانی دواییدا تێدەگەین کە وا نییە، بەڵکو تەنانەت هێز و دەسەڵاتی ژنانەش لەو دەقەدا بە هۆی فێڵبازی و لەڕێ بەدەرکردن/ ئیغوا/ دەدرێتە بەر ڕەخنە.

وا دیارە دەق دەیەوێ بەرەنگاری چەند ڕاستییەک/ حەقیقەت/ ببێتەوە؛

ڕاستییەکی ساختە و وانوێنراو.

باوەڕی شاعیر خۆی.

ڕاستییەک کە بە ڕاستی نازانێ.

ڕاستییەک کە شاعیر باسی دەکا، هەموو شتێ لە دووانەی لێکدژ، نا بەڵکوو ڕووبەڕوو بوونەوەی چەندان لێکدژە، تێگەیشتن لە دەقێکی ئاوەها ئاسان نییە و ئەستەمە، بۆ ئەوەی چەشنی دەربڕین، چنینی وشەکان و ئەو تەکنیکگەلەی بەکار هاتوونە، ناهێڵێ دەق بەرەو یەک لایەنی ڕوانین بچێ و لە ڕەهەندگەلێکی بێ کۆتاییدا، هەر ساتەو تووشی چەمکێکی دیکەت دەکاتەوە؛

«چ پیاوانە سۆرابی کوشت و چ ژنانە هاتە شەڕی ئەسفەندیار» لە قوولایی ڕەهەندەکانی دەقدا دوو دەسەڵاتی تێکەڵ بە فێڵ و تەڵەکە دژی یەکدی دەوەستنەوە و دەق بەرەنگاری هەر دوولا دەبێتەوە و بە شتێ جگە لە شەڕی فریودەرانە و سیاسەت نابینێ، پێشتر دەسەڵاتی ژنیان بەس لە مەکر و جادوودا دەبینی، باشە دەقیش بەو ئاکامە گەیشتووە، یان نا؟.. بەڵگەی ئەو بۆ چەمکێکی ئاوەها چشتێکی دیکەیە/ جگە لەو باوەڕە سواوانەی کولتووری کۆن و عەوامانە/ یان ڕوانگەی فەلسەفی فەیلەسووفانێکی وەک (کانت)ـە کە ژنی بە مرۆڵکی پیاو زانیوە؟ یان ئەفلاتوون کە بایەخی ژن بەس لە زایینی منالدانی شایاندا کورت دەکاتەوە؟ یان لە ڕوانگەی نیتشەوە سەبارەت بە ژن؟ با بزانین چۆن ئەم هەڵفریواندنی ژنانە لە دەقدا دەخرێتە ژێر پرسیار و گومانی لەسەر ساز دەبێ؟

«سیاسەت ژن!

کە چاوتە ئەڕەنگێ..

ئەقرتێ.. ئەخوماڕێ..

ئەبڕێ.. ئەپێکێ.. ئەتیشکێ و..»

هەموو ئەم چەمکگەلە، دالگەلێکن کە کەم تا زۆر دەسەڵاتی ژن وەک چەشنێک لە هێزی سیاسی، یان فریواندن دەنوێننەوە و لە پانتایی مێژوودا بەرەو ڕووی دەسەڵاتی پیاوان بەکار هێنراون.

تا هەنووکە وادیارە دەق ڕۆگەی فووکۆ و دریدای پێواوە، واتە لە شەڕی نێوان دووانە لێکدژەکاندا بە تانە و تەشەر جەمسەری پیاوی بە جەمسەری بالآ ناساندووە و ژنی هێناوەتە بەرەی دژی ئەم باوە باوەڕپێکراوە گشتخوازە، بەڵام لەمە بەدوا دەق ڕۆگەیەکی دی دەپێوێ؛

«سیاسەت تیشکێکە لە هەتاوی ژن و

مێژوو هەمووی حەماقەتی پیاوە

«جگە نیتشە»

لەم بەشە دا دەق سیاسەت بە بەشێک لە تێشکی خۆری ژن دەبینێ، واتە ئەگەر خۆر بە کۆمەڵێک لە تیشک ببینین، هەرگیز ناتوانین هەموو ئەو تیشکانە بێنینە ئەژماردن، بەڵام لەم دەقەدا سیاسەت تەنیا تیشکێکی ئەو هەتاوەیە. باشە دەق بەم ڕوانینەوە دەیەوێ باسی دەسەڵات و ئاقاری فریواندنی ژنان بۆ سەرکەوتن بەسەر پیاواندا بێنێتە ئارا؟

لەمە بەدوا دەق لە هەڵوێست وەرگرتنی جیاواز و نوێدا دژایەتی بەشی سەرەتای خۆی دەکا بەم دێڕە بەرەو ڕووی خۆی دەبێتەوە « مێژوو

هەمووی حەماقەتی پیاوە.. جگە نیتشە»، واتە ئیتر ئەو شیرینە مەزڵوومەی دانیشتووی نێو پێکەنینە ژنانەکەی پەفز دەکاتەوە و وەک ئەوەی بە پاڵپشتی «نیتشە» دەیەوێ بیخاتە ژێر پرسیارەوە.. هەمووان دەزانن کە نیتشە ژنی وەک کەسێک کە بیەوێ ببێتە سەرەک پیاو/ سووپەرمەن/ قەبووڵ نەبوو، هەر چەند ئەو لە هەندێ لە بژاردەبێژییەکانیدا دەرحەق بە ژن بە هێوری و ڕێزەوە دەنووسێ، بەڵام هێرشیشی بردووەتە سەر ژنانەیی و لە کتێبی «ئەو پەڕی چاکە و خراپە»دا سەبارەت بە ژن دەڵێ؛

«ژنان کاریان بە سەر ڕاستییەکانەوە- حەقیقەت- چییە؟ هەر لە سەرەتاوە شتێ نامۆتر، دڵنازارتر و دژمنتر لە حەقیقەت، لای ژن بوونی نەبووە، هونەری مەزنی ئەو درۆکردنە و سەرترین سەرقاڵییەکانی بە ڕواڵەت جوانییە!»

بڵێی ئەم دەقەش بیەوێ بەم دێڕە «سیاسەت تیشکێکە لە هەتاوی ژن..» مۆری ڕاستی بەسەر ئەو بۆچوونەدا بنێ؟

«شێتێ ئەگەر بزانی حەقیقەت حەقایەتە و سیاسەت ژن»

نیتشەش زۆر جار حەقیقەت و ژنی لێکچواندووە و لای وایە کەس تێیان ناگا، لێرەدا ئەویش کەوتووەتە نێو ئەو دژبەرایەتییە و لە ڕێی تەشەرەوە دەڵێ «حەقیقەت بەس لە چیرۆکەکانداییە» بڵێی سیاسەتیش بەو شێوەیە بدرێتە پاڵ ژنان؟ ئەوەی کە دەق لە دەربڕینە ئاڵۆزەکانیدا دەینوێنێ، زێدەتر دەچێتەوە سەر گەمەیەکی وانوێنراو ساز کە لەوێدا هیچ شتێ ئەوە نییە کە دەبێ ببێ. ڕاستییەکەی ڕاستییەکان ئەوانە نین کە ئێمە دەیانبینین، بەڵکو لە ڕەمز ونهێنی نیشانەکانی نێو میدیاکاندان و بە ڕای «بودریار» سەرەک- حەقیقەت/ هایپێر ڕیالیتی/ ین کە سیاسەتی سەرمایەداری لای ئێمە وەک ڕاستییەکی باوەڕپێکراو دەینوێنێ کە ڕاستییەکەی جگە لە فێڵ و هەڵفریواندن و وانوێنراوی، هیچی دی نین.

بڵێی دەق بیەوێ سەرنجی خوێنەر بەرەو ئەو چەشنە لە ڕاستییەکان ڕاکێشێ؟

بڵێی دەق بیەوێ دەسەڵاتی سەرەکی لە بەرانبەر بۆچوونی پێکهاتەخوازانەدا بخاتە ژێر پرسیار؟ یان خوێنەر بەرەو بیر و ڕای فووکۆ سەبارەت بە پانتایی دەسەڵات لە هەموو سەرجەمەکانی بووندا ڕاکێشێ؟ بڵێی دەق بیەوێ خوێنەر هان بدا بۆ ئەوەی لەگەڵ پێکهاتە هەڵوەشێنی و سەرئاوەژۆکردنی دووانە لێکدژەکان و جەمسەرەکانی دریدایی ئاشنابێ و هەڵوەشانەوەی بنەمای سەرەکی و جێنشین کردنی کۆتەرە/ قطر/ ی نائامادە/غایب/ بناسێ؟، یان ئەوەی کە دەق خوێنەر دەخاتە ڕاهێڵان/ تعلیق/ یکی هەتایی و سەرلێشێواوی نیشانەکان کە پڕن لە شک و گومان و دوو دڵی..؟

ئەوجا بڵێی بکرێ، ئەو پرسیارە ئاراستە بکەین کە ؛

لەم چەشنە دەربڕینەدا کە دەق پڕە لە مانای چەند توێ، یان توێ لە پشت توێ.. بۆ ڕای نیتشە لە سەر ژنان بگەڕێین؟ ئەگەر وابێ، دیسان تووشی پارادۆکس و دژبەریی واتا دەبینەوە، بۆ وەی نیتشە زۆر جار پشتیوانی خۆی لە ژنان دەربڕیوە، بەڵام ئەو پشتیوانییە بە پێی دڵخوازیی خۆیەتی.. ئەو «نیتشە» لایەنگری «دیۆنیزۆس»ە کە خوای هونەر و سەما و گۆرانی و جوانیی ژنانەیە و بەرەنگاری «ئاپۆلۆن» دەبێتەوە کە خوای عەقڵی پیاوانەیە، دەکرێ بەو ئاکامە بگەین کە ئەم دەقە سەر بە بیر و ڕای ئەوە.. نیتشەش هەرچەندە لایەنگری ژنانی «دیۆنیزۆس»ی بوو، بەڵام ئەم ژنانەییە بە ناو مودێرنەی قەبووڵ نەکرد کە بە دڵخوازیی سەرمایەی جیهانی و ئابووریی لەش هاتووەتە ئارا.. دەیان پرسیاری دی دەکرێ ئاراستەی ئەم دەقە بکرێ...

بەڵام خوێندنەوە و پرسیارەکانی دی دەدەمە دەست خوێنەرانی دیکەی چالاکی دەقی کوردی.....

سەرچاوەی دەق؛

کتێبی «سەرتان لێ ئەسڵێ ئەزانم» کۆ بەرهەمی ساڵح سووزەنی — چاپی پیرەمێرد، ۲۰۱۹